# پێشکەشە بە :

— بە گیانی شەیدای ئەو یەڵماز گیونی یە هونەرمەندە هەڵکەوتووەی کە دەستی قەدەر بەکوردی ڕەوا نەبینی و لە تەرزێکی بەدەنەفس و ناهێنادا مەرگە سوژنەی بۆبرد و لێی هاڕنیەوە .

— بە گیانی بەهرەمەندانەی "رەفیق چالاک" ی هونەرمەند ، یەکێك لە ڕێبەرە دانسقەکانی شانۆی هەولێرانەی کورد .

— بە گیانی " فەریقە کوێر " ، ئەو هونەرمەندە نەخوێندەوارە بلیمەتەی ، ژیانی تاڵ و پڕ مەرگەساتی کوردەواریی بە خەندە و پێکەنین سوالغ دەدا و تا مردنی وەك پێویست ڕێزی لێ نەنرا .

— بە گشت هونەرمەندە لێ وەشاوەکانی نەتەوەکەم .

— بەو دەزگایەی ئەم فیلمە شاکارانە بەکوردی بۆ دۆبلاژ دەکات .

خوشکی خۆمان پێدان . ئێوە بە پێچەوانەوە ، سوێندتان لەسەر دوژمنایەتی خواردووە . خوێن ڕشتن بەس نی یە ؟ هێندەمان خوێنی یەکدی ڕشت ، خەریکە هەردوولامان تێیدا ئەخنکێین .

(( لەکاتی ئەم گفتوگۆیانەدا ئەتوانرێت جۆرەها لەقتە بەکاربهێنرێت )) .

نێچیرەڤان ڕووی ئەمی لە سیڤان ئەکاتەوە ....

**نێچیرەڤان** : سیڤان بەویژدانت درۆ ئەکەم ؟ ئەگەر وانی یە بڵێ . هەموو بە ئازار ڕازی بوون ، ئێمە ئازاری دیکەمان نەویست . خوشکەکەمان بەتۆدا . ئێمە ئاشتیمان خواست ، گوتمان ئەبێت ئەم تۆڵەسەندنە کۆتایی پێ بهێنرێت . بە حسێبێ بووینە خزم ، برا ، چووزانم ، ئێمە وامان زانی . بەڵام حامۆی بابت هەمدیسان هەمووی تێکدایەوە . هەمووی هەڵوەشاندەوە . سیڤان بەویژدانت بڵێ چ کەڵکێك ئەگرێت ! بۆ چەکدارمان ئەنێرێتەسەر ؟ لە پێناوی چیدا ؟ بۆ خوێنی دیکە بڕژێت ؟ بۆ ئەبوزەری فیگرتوو پەلامارمان ئەدات ؟ بڵێ ، ئە بڵێ ، بێریڤان تاوانی چی یە ؟ گەر تاوانێکی هەیە بۆ گلت داوەتەوە ، بۆ پارێزگاریی لێ ئەکەیت ؟

سیلۆ ئەقیژێنێت ، وەك بیەوێت تەوژمی گوتەکانی نێچیرەڤان لە بیری سیڤان دا بسڕێتەوە ....

**سیلۆ** : لەگەڵیان ئەدوێیت ، یەك ووشە ئەڵێیت ، بڕۆ با بڕۆین ، قسەی لووست بۆ ئەکەن ، بڕۆ با بڕۆین .

**نێچیرەڤان** : وەرە کاکە سیڤان گوێمان بۆ ڕاهێڵە . وەکو بابت مەکە ، وەکو براکانت مەکە . ئەوانە منداڵن ، نەفامن ، گەوجن .

**سیلۆ** : ئەو قسانە مەکە !

**نێچیرەڤان** : گوێ بۆ دڵت ڕاهێڵە . ئەگەر لەسەر ڕێچکەی بابت بڕۆیت بۆ هەموومان خەراپە . خێزانمان بێوەژن ئەبن ، منداڵمان هەتیو ئەکەون ! ئەم هەموو بێوەژن و هەتیو کەوتنە بەس نی یە ؟

بیرکەرەوە ، منداڵێك بە چ کوێرەوەرییەك ئەبێتە پیاو ، گوللەیەکی گچکە ، ئەستێك کەلە پەلەپیتکەیەك گیرئەکرێت ئەیدات بەزەوی یدا ! ئایا ئەوە شێتیتی نی یە ؟

**سیلۆ** : بڕوا بەزمانی چەوتیان ئەکەیت ، زمانیان بەسەرزارەکی شیرینە ، وەکی دی ژاری تێدایە ! ئەمێلە ئەم هەڵهێننەوە ، دوژمنمانن ، لەیادت نەچێت ، براکانیان کوشتووین ، لەیادت نەچێت .

سیڤان لەپڕێکدا ئەژەنێتە ڕوڵخەکەی ، ووڵخەکەی تەکانێك ئەدات ....

**راشتی** : ئەبێت حامۆ لەنێوبرێت ، هەموو ئەوانی دیکەشیان ....
**نێچیرەڤان** : سیڤان زاوامانە ، ئەو لەگەڵ رێکەوتندایە . تەنها کەسێکە کە بێریڤان لە ئەیسی‌خانی‌یان ئەپارێزێت . لەبەرئەم گشت تووڕەیی‌یەکـــــــی ئەیسی‌خانی‌یاندا خۆی ڕاگرتووە . خوشکەکەمان ئەپارێزێت . ئەو بەزووڕنای ئەوان هەڵناپەرێت . ئێوە کوێرن ؟
**راشتی** : ئەی ســا بۆ ری‌ی ئەدایین لەگەڵ بێریڤان بدوێین ؟ پیاو چـۆن ئاوها رێك ئەکەوێت ؟ ئەمە چۆن رێککەوتنێکە ؟ چۆن پشتگیری‌یەکە ؟
**نێچیرەڤان** : هەندە ناچاری‌یەك هەن ، مرۆ هیچی لەگەڵ پێ‌ناکرێت . ئەو ئەگەر دوژمنیشمان بێت خزممانە ، مێردی خوشکمانە . گەر بەگـوێ‌ی حامۆی کردبا ، لەمێژ بوو بێریڤانی باوەخون کردبووەوە . ئەوەش ئەبــــووە لەکەیەکی گەورە بەشانی ئێمەوە . ئەیکرد ، ئێژی هەرهەمووریان وەستایەوە !
**باران** : ئەی ســـا کەوایە چ بکەین ؟
**نێچیرەڤان** : ئەبێت سەرلەنوێ هەوڵ بدەینەوە لەگەڵی بدوێین ..... قۆمیسەرێکی نوێ هاتووە ، ئەچینە کنی ، ئەچینە لای باسری رۆژنامەنووس ، ئەڵێین مەسەلەکە ئا بەو جۆرەیە .

## ٩ ـــ دەوارەکان و مێگەلەکە لە نێزیکیانەوە

حامۆی ئەیسی‌خانی و ئەبوزەر لەدیار مێگەلەکەن ....
( لەقتەیەك ، حامۆ لە نێوەندیدایە ) .... هەوڵ ئەدەن مێگەلەکە بەرەو دەوارەکان بئاژوون . دەنگی تایبەت بە ئاژووتنی ئاژەڵ دەرئەبڕن . هێندێك مەڕ بەنێوی تایبەتی‌یەوە بانگ ئەکەن .... حامۆ بەهێز و توانایەکی راوە کە لەوتەمەنــــــە دا لێ‌ی چاوەڕوان‌ناکرێت ، بەرد ئەگرێتە مەگەکە و تێ‌ی ئەگەیەنێت مەڕەکـــان بەرەو کوێ ڕابدات .... بە جموجۆڵی‌دا هەست بەتووڕەیی و کەللەڕەقـــی‌ی ئەکرێت .
مەگەکە لەبەرئەهاویشتنەکەڕا تێ‌ئەگات حامۆ مەبەستی چی‌یە .... باعەی مەڕەکان ، دەنگی زەنگۆڵەی ملیان ، فیکەی پیاوەکان ، سیمفۆنیایەکی هێجگار دڵگیـــــر پێك ئەهێنن .... لەو بوومەلێڵی ئێوارەیەدا تەپ و تۆزی پاش مێگەلەکە تیشکێکی زیوین ئەنەخشێنێت .... بێری لەدەوارەکان دێنەدەرێ و ڕوو لە مێگەلەکە ئەکەن . بە مەنجەڵ و سەتڵ و کتری‌یەوە بۆ مەڕدۆشین ئەچن .
هەردوو ژنەکەی حامۆ و ژنەکانی ئەبوزەر و سیلۆ ش لەگەڵدان . شەنگەبێری و مەڕەکان لە جێ‌بێری دا پێك ئەگەن . بێری بەدووی مەڕدا رائەکەن . منداڵێکی

ئەوان لە ئێمە و ئێمەش لە دەست ئەوان رزگار ئەبین . حەز لەچارەمان ناکەن ....
با هەربڵێین ، ئەڵێن من لە ڤیسی‌خانی دابڕاوم ، با بڵێین . من تەنها یەك شت دڵتەنگم ئەکات ، من بارەڕم بەتۆیە ، بێریڤان ، خۆشم ئەوێیت ، دڵم لاتە ، لەگەڵم بدوێ ، ئەمرەنجێنە ، قسەم بۆ بکە ، گەر تەنها ووشەیەکیش بێت .
ئەخزێتە پاڵی و هەوڵ ئەدات بە گوتەی ناسك بیدوێنێت ....
بێریڤان بە پەژارە و بێ دەنگی‌یەوە تێی ئەڕوانێت .... هەوڵ ئەدات بێتە گۆ .... ئەمی ئەکرێتەوە و دائەخرێت ، سیڤان هیوایەك پەیدا ئەکات ، بەڵام بێریڤان ناتوێـــــــــت ....
بێ هیوایی گەمارۆی سیڤان ئەداتەوە .... هەست ئەکات گرتەکانی بە هیچ چوون ، بێ‌ئەنگی‌یەکەی بێریڤان ووردە وورده گرژی ئەکات ....
**سیڤان** : لەگەڵم بدوێ ، هێندە کەللەڕەق‌مەبە .... تا تکایە .... تا تکایە .... ئاسکۆڵەکەم ، بێریڤان ، دڵەکەم .... ئازارەکانتم پێ بڵێ .... یارمەتیم بدە ، تکایە یارمەتیم بدە .... !
ئەڕوانێتە بێریڤان ، بەڵام بێریڤان ئەڵێیت منداڵێکی کەللەڕەقە و هیچ ناڵێت ! هەرچەندە جارجارە وا پێئەچێت بیەوێت بدوێت ....
لەپڕ سیڤان توانای خۆڕاگرتنی نامێنێت و پڕ بەگەرووی ئەنەڕێنێت ....
**سیڤان** : لەگەڵم بدوێ ، ساڵێکە یەك ووشەت لەدەم ئەرنەهاتووە ، زمانت لەدەمدا نی‌یە ؟ قسەبکە ، قســـــە ! شتێك بگێڕەوە ، بڵێ ئەخۆشم ، یاخــود گەر حەزئەکەیت جوێنێکم پێ‌بدە ! بقیژێنە .... شتێك بڵێ .....!
چەناگەی ئەگرێت ، ئەمی دائەچڕێنێت تا ناچاری بکات شتێك بڵێت .....
**سیڤان** : ئە بڵێ .... لمۆزت بدە بەیەکدا ، بیکەرەوە ، ناڵەیەك بکە ...... بڵێ ئائائائائائا ، مرەیەك بکە ، تەنها ئەنگێکت لێ بێت ..... !
تا سیڤان زێتر ئەڵێت و ئەقیژێنێت ، تووڕەتریش ئەبێت ، ئەنگی بڵندتــــر ئەبێت . ئەست بە لێدانی ئەکات ، سەرەتا بە ئەسپایی و دوایی توندتر ......
**سیڤان** : گەر قسەناکەیت بقیژێنە ، بنەڕێنە ، بگری ، بکڕووزێرەوە ، بڵێ لێم مەدە ، بڵێ بەسە ، بپاڕێوە .... !
لێی ئەدات و لێی ئەدات تا بقیژێنێت .....
**سیڤان** : هاوارکە ، بڵێ بەسە ، بەسە ، ئە بڵێ ....
لەگەڵ ئەو هەموو لێدانەشدا ، بێریڤان نقەی لێ نایەت ، ووشەیەك ناڵێت ..... ! سیڤان هەناسەی سواردەبێت ، بێ هیوا ئەست‌بەرداری ئەبێت ، وازی لێ دێنێت . لەپڕ حامۆ ئەبینێت ، بەحەپەساوی‌ی تێی ئەڕوانێت .... حامۆ وەك شەبەحێسك وەستاوە و زۆر لەسەرخۆ ئەدوێت ....

**چەرچی** : چ ئەبێت گەر خەڵکی‌یش بزانن ، سیلۆ ؟ چ عەیبێکـــی تێدا نی‌یـــــــــە ..... !

**سیلۆ** : لەگەڵ ئەوەشـــــــــدا ..... !

بیرئەکاتەوە

**سیلۆ** : کەواتە هەریەکەی بە بیست لیرە .... نا ، نەخێر ، بیست کەمە ! بیست و پێنج .... !

**چەرچی** : نـــا ، چاکـــــــــە ، لەبەرخاتری تـــۆ .... !

**سیلۆ** : سبەی زوو ئەیانهێنم و دەستبەجێ پووڵی خۆم ئەوێت .... بەڵام بە مەرجێك کەستان دووم نەکەون .... سبەی پاش هەتاوکەوتن لە (« ..... ») [1] یەکدی ئەبینینەوە .

**چەرچی** : زۆر چاکە ، سیلۆ .....

لەو دەمەدا سیڤان و بێریڤان لەدوورەوە بەدەرئەکەون ....

**چەرچی** : پێویستە پەلە بکەیت .... چونکە ئەبێت تا سەری مـــانگ بێگەلەکەتان بگەیەننە ئەنقەرە .

**سیلۆ** : ئەنقەرە ؟

**چەرچی** : ئـــــاااااا ، کاکە .... بە گیرفانی پڕەوە ئەچیتە ئەنقەرە ! ئەو هەموو ژن و کیژە شـــــــۆخە ..... ! ئۆف ، ئۆف .... !

**سیلۆ** : بەڵام نابێت بەکەس بڵێین .... کەس نابێت پێ بزانێت ....

**چەرچی** : کەواتە تۆش نابێت لای کەس باسمان بکەیت ، باشـــــە ؟

**سیلۆ** : چـــاکـــــــــە ....

لە لەقتەیەکدا ئەبوزەر و سیڤان و بێریڤان لەدوورەوە نیشان ئەدرێن ....
سیڤان بیرئەکاتەوە ، بێریڤانیش لە پشتی هێسترەکەوە سواربووە و بیرئەکاتەوە .
ئەبوزەر شەکەت و ماندووە ....
سیڤان دوور سوارەکە ئەبینێت لە سیلۆ جودائەبنەوە ، بە ووریایی‌یـــــــــەوە تۆیان ئەڕوانێت .....

## ۲۹ ـــ دەوارەکان

یەکێك لە شوانەکان بروسکەکەیان بۆ ئەخوێنێتەوە ....

---

[1] شوێنەکە لە کاتی وێنەگرتندا دەست نیشان ئەکرێت .

**سیڤان** : بەلای کەمەوە شەش فارگۆن .... بەپێی یاسای نوێ ، ئەبێت مێگەلەکە بەلای کەمەوە دووکاتژێر پێش بەرێکەوتن سواری شەمەندەفەر کرێت . بۆ یەك فارگۆن ، ئەبێت چوار هەزار و چوار صەد و چل لیرە بدەین .... یانی تێکرا ئەبێت بیست و حەوت ، بیست و هەشت هەزار لیرە بدەین ....

(ئەتوانرێت گفت و گۆی دیکەی وای لێ زیادبکرێت کە بەزارەی خەڵکەکە ئەرخات) سیڤان لەکاتی گفتوگۆکەدا ئەڕوانێتە ئەفتەری یاداشتەکانی .... حامۆ و شوانەکانی دی بەهۆی زیادکردنی کرێی شەمەندەفەرەوە ، زۆر پەشێون ....

**حامۆ** : بۆ شەش فارگۆن چەند شوانمان پێویستە ؟

**سیڤان** : چوار پێنجێك بەسن .... من ، ئەبوزەر ، میرزا ، سیلۆ ، ئەژڤانە .

**حامۆ** : سیلۆ بۆچی ؟ ئەو هیچ شارەزایی نی یە ....

**سیلۆ** : فێرئەبم .... !

**سیڤان** : ئەبوزەر ، بابم ، من ، میرزا .... هێندە بەسین .... بەلآم راچاکە سیلۆ یاخود ئەژڤانەش لەگەڵدا بێن ....

**میرزا** : ئێمە چ سوودێکمان دەستگیرنابێت .... زەرەرمەندین .... ئەوەتا تا مەڕەکان ئەفرۆشین هەمووشت گران ئەبێت .... بەوحاڵە چۆن ئەژین ....!

**حامۆ** : شوانێك بۆ دوو فارگۆن بەسە .... بەتۆرە سەرپەرشتی ئەکەین ..... زێترمان گەرەك نی یە ....

**سیلۆ** : منیش حەزئەکەم لەگەڵدا بێم .... تا ئێستا لەگەڵ مێگەلـــــــدا نەچووم .... حەزئەکەم فێربم چۆن پیاو بەو ئەرکە هەڵئەستێت ....

**حامۆ** : تۆ تەنها تا وێستگە لەگەڵمان دێیت .کاتێك مێگەلەکەمان سوارکرد ، چەکەکانمان دێنیتەوە و ئەگەڕێیتەوە ماڵەوە .بێ چەك ناکرێت بچینە (پەرڤەری) . تەنها ئەبوزەر و سیڤان و من و میرزا ئەچینە ئەنقەرە .

**سیڤان** : ئەی بێریڤان ؟

حامۆ بەنابەدڵی دێتەگۆ ....

**حامۆ** : بەڵێ ، بەڵــــــێ ، بێریڤانیش ....! کەواتە پێنجین .

**سیلۆ** : منیش حەزئەکەم لەگەڵدا بێم ، هێشتا ئەنقەرەم نەدیتـــــــووە ... لەلایەکەوە فێرئەبم چۆن پیاو ئەگەڵ مێگەل ئەکەوێت ، لەلایەکی دی یـــــەوە یارمەتی ئێوەش ئەدەم .... ! لەگەڵ خۆتانم ببەن ، بەتەنها ئەو هەموو مەڕەتان بۆ بەڕێوە ناچێت .... !

**حامۆ** : تۆ لەگەڵدا نادێیت .... لێرە ئەمێنی یەوە .... !

**سیلۆ** : ئەی ســـا من کەی فێرببم ؟

**حامۆ** : لەوەی گەڕێ .... تۆ لەگەڵدا نادێیت .... !

لێڵ ئەڕوانن .... ماوەیەکی زۆرە ئەمە یەکەم جارە ئاوها بە سۆز و ئامەزرۆیی یەوە لە یەك ئەڕوانن .... سیڤان بە مێواشی و لەسەرەخۆیی ئەست لە روخساری بێریڤان ئەخشێنێت .... بێریڤان ئەستی ئەگرێت و لە کوڵمی خۆیی توند ئەکات. ئەستی بە دڵێکی پڕ لە خۆشەویستی یەوە ماچ ئەکات و سەری ئەخاتەسەر ....

**سیڤان** : بێریڤان ! ئاسکۆڵە ئازیزەکەم ! ئەچینە ئەنقەرە .... لەوێ چازانی چاکی لێ هەن .... چارەسەرت ئەکەن .... چاك ئەبیەوە .... ئای چەندەم خۆشئەوێیت .... ! تکا ئەکەم ، تەنها ووشەیەکم پێ بڵێ .... هیچ نەبێت پێم بڵێ کە بڕوات پێمە .... یارمەتیم بدە ....

چاوەکانی بێریڤان ئاویان تێ ئەزێت .... لە باوەشی مێرئەکەیدا چیچەڵە ئەکات ... بە هەموو هێزێکی یەوە لە ئامێزی ئەگرێت .... سیڤانیش توند باوەشی پێدا ئەکات .... لەمێژە ، ئەمە یەکەمین جارە ئاوها یەکدی لە ئامێز بگرن و ئارەزووی تێکەڵ بوون بکەن .....

---

ژنەکەی ئەبوزەڕ جارێکی دی خورجی مێرئەکەی ئەپشکنێتەوە .... یەك دوو سەلك پیازی دیکەی بۆ لە نێو ئەنێت ....

* **ئەبوزەڕ** : ئەچم ئەنقەرە ئەبینم ....

**ژنەکەی** : جووتێك کەوشم بۆ ئەکڕیت ؟ * [1]

---

سیلۆ بە دزی یەوە چوار قاپولکە لە خورجەکەی ئەنێت .... واپێئەچێت ژنەکەی نووستبێت .... پاش ئەوەی سیلۆ لەوە دڵنیا ئەبێت کە ژنەکەی نووستووە ، پارەکانی ئەرئەهێنێت .... بە شادی یەوە تێیان ئەڕوانێت ، بە ووریایی یەوە قەدیان ئەکات ، لە پشتێنەکەیدا توندیان ئەکات .... ژنەکەی چاوی کردۆتەوە و سەرنجی ئەدات ، پارەکە ئەبینێت ، نا ئارام ئەبێت .... بە بەدگومانی یەوە لە سیلۆ ئەڕوانێت ... هەست ئەکات کە شتێکی لەژێر سەردایە .... لەپڕ چاوەکانی سیلۆ لەگەڵ نیگاکانی ئەودا ڕووبەڕوو ئەبنەوە .... سیلۆ ترسی لێ ئەنیشێت ، بەڵام دڵنیا نی یە لەوەی ئاخۆ ژنەکەی پارەکانی دیتووە یان نا ....

**ژنەکەی** : ئەوە پارەی کێیە ؟

سیلۆ ئەساکێت ....

**سیلۆ** : باسی پارە لای کەس نەکەیت .... ئەنا ....

بە هەڕەشەوە بۆ ژنەکەی ئەچێت ....

---

[1] بڕوانە پەراوێزی لاپەرە (19)

سیلۆ و سیڤان ، ئەو شوانکارە کارامانەی لە لەوەڕگەی کێوەکاندا بەو لێ هاتوویی یە مێگەلەکەیان پێش ئەدا ، لێرە ، لەم ئەورووبەرەدا ، شلەژاو و پەشۆکاو ئەنوێنن ! جموجۆڵ و بزووتنیان وەک لە لەوەڕگەی کێو و هەرێمەکاندا ئاسایی و خۆڕسکە ، لێرە لە نێو شاردا سەیر و عەنتیکە دێنە پێش چاوان .... !

خەڵکەکەی مێگەلەکە ئەبینن ، بە فیتە و هاواری شوانەکان ئەخەنن ....

( ئەبێت لە ڕێگەی کامێرای شاردراوەوە ، لەقتەی نێزیلە بگیرێت . لەقتەی وا کە بێ ئەرپەستی و گوێ پێ نەدان لەئەم و چاوی ڕێبوارەکاندا نیشان بدات ) .

سیڤان بێریڤان لەکۆڵ ئەکات ، چونکە توانای ڕێ کردنی لەبەر براوە .... دووی مێگەلەکە کەوتووە و خەمبار و بێ چارە و شەکەت و ماندوو ئەنوێنێت ....

**سیڤان** : ئەمە ئەنقەرەیە ، بێریڤان ؛ ئاسکۆڵەکەم .... ئەمە ئەنقـــەرەی پێتەختمانە . کە سەرباز بووم سرووودێکیان فێرئەکردین :

ئەنقەرە ، ئەنقەرە ، ئەنقەرەی رازاوە
خەمبـــاران بەتۆ دڵیان کـــراوە

ئەمە پێتەختەکەمانە ......

سیڤان لەبەر خۆیەوە ئەبزرکێنێت .....

**سیڤان** : ئەمە پێتەختەکەمانە .... دڵی تورکیایە .... بڕوانە چەند رازاوەیە !!

لە گوتەکانیدا تەوس و لاقرتێیەکی تاڵ هەست پێ ئەکرێت ....

شوانەکان هەوڵ ئەدەن پەزەکان چاپووکانە بناژوون ....

## ٦٣ ــــ مۆڵگەی مێگەلەکە

پەزەکان لە پەچەیەک ئەکرێن .... شوانەکان شەکەت و ماندوون ....

سیڤان بێریڤان لەکۆڵی دائەگرێت ....

بێریڤان حاڵی زۆر خەراپە .... هەوڵ ئەدات خۆی بڕشێنێتەوە .... لەو کاتەدا جامبازەکان بە ترومبێلێکی شیلە ئەگەنە جێ ....

حامۆ بەرزەپێ لەبەریان هەڵئەستێت ....

جامبازەکان دائەبەزن و دێنە بەرەوە و لە مەڕەکان ئەڕوانن ....

**جامبازەکە** : بەداخەوە ، پەزەکانتان پساندووە .... !

**حامۆ** : بەدبەختی بەرۆکی بەر نەئەداین ، نەماندەزانی چ بکەین .... !

**جامبازەکە** : ئەبێت یەک حەوتوو خەریکیان بن . لەوێیان گەڕێـــن بحەوێنەوە .... ئاو و ئالیفی چاکیان بەنێ ....

**سیڤان** : ئاسکۆڵەکەم ، وورە بەرمەدە ، بەوزووانە چاك ئەبیتەوە . جارێکی دی ئاچینەوە بە لای شوانکاری‌دا ... زۆر دڵنیام کە لەم ئەنقەرەیە گری‌ی بەختمان ئەکرێتەوە .... بێگومانم لەوەی کە منداڵێکمان ئەبێت و منیش کارێکم چنگ ئەکەوێت .... وانی‌یە بێریڤان ؟ ئەبلێ تۆش لەوە دڵنیایت .... مژدەم بەرێ کە تۆش بڕوات وایە ئەمی خەمەکانمان ئەڕەوێنەوە .... بەتەنها مەمهێڵەوە ، بلێ کە تۆش بڕوات وایە چارەنووسمان گەش ئەبێت .... مەگری بلێ کە تۆش بڕوات وایە .....

بێریڤان ئەگری .....

## ٧٧ — خانووەکە لە بەیانیدا

سیڤان و بێریڤان نووستوون ....

سیڤان هەڵئەستێت و ئەچێتە بەر پەنجەرەکە و ئەڕوانێتە ئەرەوە ....

ئەنقەرە تارای رەشی شەوی دڕاندووە .... پاش کەمێك سیڤان ئەگەڕێتەوە بۆ لای بێریڤان .... ماوەیەك تێی‌ئەڕوانێت ، ئەبینێت ئەمی ناپچڕاوە و هەناسە نادات .... بە هێواشی رایئەتەکێنێت ....

**سیڤان** : بێریڤان

توند رایئەوەشێنێت و هاوار ئەکات .... پاسەوان و ژنەکەی بە هەڵەداوان خۆیان ئەکەن بە ژووردا ....

سیڤان بێریڤان لە ئامێز ئەگرێت و بانگی ئەکات .... بێریڤان مردووە .... سیڤان ئەگری .... پاسەوان و ژنەکەی هەوڵی هێورکردنەوەی ئەدەن .... سیڤان شیوەنێکی بە سۆز ئەکات .....

## ٧٨ — مۆڵگەی مێگەلەکە

حامۆ خەریکی فرۆشتنی پەزەکانە .... جامبازەکان لەوێن .... حامۆ سەودا و مامەڵە ئەکات ....

**حامۆ** : ئەم هەموو زیانە بە چی ببژێرین ؟ ئەوانی دی چم پێ ئەڵێن .... ؟ بەدگومان بووم ....

**جامبازەکە** ::: سەوداکەمان تەواو حامۆغا . گازندە مەکە .... ئێوەڵەکەنمان بدەرێ .....

سیڤان دێت .... جامبازەکان پارەیان داوە و پەزەکان وەرئەگرن .... هەڵەوەرێکیان لەتەکدایە ..... رەمەڵە ، چەقارەسوو ..... جامبازەکان ئەڕۆن ....

